# ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا

# (١٩٦٨-١٩٧٩)

**م .ئارەزوو یوسف حسن١ محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سور٢**

١بەشی مێژوو کۆلیژی ئاداب -زانکۆی سەلاحەددین ، هەولیر هەرێمی کوردستانی عیراق

٢ ەشی مێژوو کۆلیژی ئاداب -زانکۆی سەلاحەددین ، هەولیر هەرێمی کوردستانی عیراق

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی کوردە، لەڕوانگەی رۆژنامەوانی کوردیدا، لە ژێرکاریگەریی داب و نەریتی کۆمەڵگاو گۆرانکارییەکانی ڕەوشی ناوچەکە، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژووییە پشتی بەستووە بە ناوەرۆک و وتارەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی نهێنی و ئاشکرا وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ دەرخستنی بارودۆخی ئافرەتانی کورد لە باشووری کوردستان، لەگرینگترین ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوون ڕۆژنامەگەریی کوردی هەمیشە وەک ئامرازێک هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ئافرەتانی داوە، بۆ رزگاربوون لەوابەستە بوون بە نەریتی دواگەتووی کۆمەڵایەتی، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

**کلیلی وشە: داب و نەریت. ڕێکخراوی ئافرەتان، ڕۆژنامەوانی، گۆڕانکاری.**

## 1. پێشەکی

ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک سەرچاوەیەک گرنگی زۆری بۆ نووسینەوەی مێژوو بەگشتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەتایبەتی هەیە، لەم ڕوانگەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕۆڵی سەرەکی بینیووە، لە دەرخستنی ڕووداوەکانی تایبەت بەناوچە کوردنشیەکان و ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی کورد بە تایبەت، بەهۆی ئەوەی ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٩) کە بە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری لە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕووداوە سیاسی و ڕامیارییەکان بووە، کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئافرەتانی ناوچەکە هەبووە، ئەم لایەنەش کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی هەبووە.

ئەم تویژینەوەیە زیاتر تیشک دەخاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی کورد، بەتایبەت ئاستەنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناوچەکە، لە نیو دوو سیستەم و شێوازی جیاواز خراوەتە ڕوو، لێکدانەوە و هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ بارودۆخی ئافرەتی کورد لە نێوان زاڵبوونی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە چۆنیەتی خۆگونجاندنیان بۆ سوود وەرگرتن لەم ڕەوشە.

لە نووسینی تویژینەوەکەماندا پشت بەستراوە بە ڕێبازی لێکدانەوەی مێژووی و بە بەراوردکردنی دیدگای ڕۆژنامەوانی کوردی نهێنی و ئاشکرا بۆ کۆمەڵگاو وشیاری ئافرەتان. هەوڵەکانی ڕۆژنامەوانی بۆ باسکردنی ڕەوش و پایەی ئافرەت لەم ماوەیەدا، ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە بیروباوەڕو نەریتی کۆن .

**تویژینەوەکە بەشێوەی گشتی پێکهاتووە** لە پێشەکی و لەسێ تەوەر و ئەنجام، لە هەریەک لەم تەوەرانە باس لەلایەنێکی دیاریکراوی ڕەوشی ژیانی ئافرەتی کوردی کردووە، ڕۆڵی ئافرەتانی کوردی لە بوارە جیاوازەکان خستووەتە ڕوو، لەتەوەری یەکەمدا : بارودۆخی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان کاریگەریی بیروباوەر و نەریتی کۆنی کۆمەڵگا بەسەر ژیانی ئافرەتان دواتریش ئاماژە ژیانی خێزانداری و پەروەردەکردنی منداڵ، کاریگەریی سیستەمی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی لەسەر ئافرەتی کورد کراوە، لە تەوەری دووەمدا: جەختکراوەتە لایەنی رۆشنبیری و فێرکردن کراوەتەوە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە گۆرانکارییەکان و بەشداریکردنیان لەبوارە جیاوازەکانی رۆشنبیری وەک خویندن و هونەر و کاکردن لەدەزگاکانی حکومی و تایبەت دا، لە تەوەری کۆتایی باس لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کراوە، لەوانەش ئاماژە بە هەریەک لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەکە کراوە، ڕۆل و پێگەیان لەخزمەتکردنی ئافرەتاندا خراوەتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوە.

**ئەو بەربەست و گرفتانە هاتوونەتە بەردەم توێژینەوەکە**، وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە کەم نەبووە، بەتایبەت ماوەی توێژینەوەکە بەهۆی ئەوەی قۆناغێکی پڕ لەگۆرانکاری بووە، کاریگەریی کردووەتە سەر ئەرشیف کردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەستەمی دەستکەوتنی ڕۆژنامەکان و خراپی و دڕان و لەناوچوونی بەشێک لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان دیویەکی دیکەی ئەو گرفتانە بوونە.

**توێژینەوە و لێکۆلینەوەکانی پێشوو**: بێگومان بایەخ و ڕەهەندی ئافرەت وایکردووە چەندین توێژینەوەی جیاجیا لەبارەیە ئەنجام بدرێت بەتایبەت لەبواری گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەدیارترینیان توێژینەوەی میران ڕەشاد، ئافرەت لە کەلتوری کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، گۆڤار، ژ(٤٨)، ٢٠٢١. کتێبەکەی ڕەواندزی، عەقیلە (٢٠٠٥)، یادو ئافرەت ، کە زیاتر ل ەبارەی ژیاننامەی ئافرەتانی کورد دواوە، کورتەیەکی لەبارەیانە نووسیوە، هەر لەم بارەوە لێکۆلینەوەیەکی ئەکادیمی لە بارەی ئافرەتی کورد نووسراوە لەلایەن کاکەسور ، نادیە عومەر(٢٠٠٤)، ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ماستەر نامە(بڵاونەکراوە) پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب ،بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر. ئەم توێژینەوە زیاتر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانەوە نووسراوە لەدیوی ڕاگەیاندنی کوردی. سوود بینین لەم توێژینەوە ئەکادیمیانە وایکردووە بایەخی ڕۆژنامەوانی کوردی بۆ ئافرەتانی کوردی زیاتر بە دەربکەوێت، لەسەر بنچینەی سەرنجی ڕۆژنانەوانی دیدی کۆمەڵگاو نەریتەکانی و کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان لە سەرجەم لایەنەکان بخرێتە ڕوو.

**لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە لەنووسینی توێژینەوەکە.** بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ڕەنگدانەوەی ناونیشان بێت بەپلەی یەکەم پشت بەستراوە بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی( ١٩٦٨-١٩٧٩) بەتایبەت ڕۆژنامەی هاوکاری، بیری نوێ، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ڕۆژی کوردستان، بەیان کە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئافرەتی کورد بە تایبەت و ئافرەتانی جیهان بەگشتی  بڵاوکردووەتەوە.

## تەوەرەی یەکەم : بارودۆخی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان

یەکێک لەم لایەنانەی باسی لێوەکراوە پایەی ئافرەت بووە، چەمک و لێکدانەوەی کۆمەڵگای بۆ ئافرەت لە نێو سەردەمە جیاوازەکاندا بە دەرخستووە، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە گۆشەی تایبەت بە ئافرەتان لە ژێر ناوی (خەباتی ئافرەتان) و( گۆشەی ئافرەتان)، (ژیان و ئافرەت) لە وتار و لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی ئافرەتانی کورد بەتایبەت و ئافرەتانی جیهان بەگشتی نووسیوە.

### 1 - داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکان لەسەر ئافرەتانی کورد.

کۆمەڵگای کورد بەهۆی ئەوەی بەتوندی وابەستەی نەریت و دابە کۆمەلایەتیەکان بووە، ئەم نەریتانە وەک دەستور و بنەمایەکی کۆمەڵایەتی ژیانی تاکەکانی ئاراستە کردووە، بەلام وەک زانراوە کاریگەریی ئەم نەریتانە بەسەختی بەسەر ئافرەتی کوردەوە هەبووە، بۆ نموونە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ماف و پێشکەوتن و ڕزگاری ئافرەت گرێ داوە بە کۆمەڵگاوە، ئافرەت لە کۆندا زیاتر لە چوارچێوەی گرینگی دان بە ئەرکی خێزانەوە سەیرکراوە، ئەرکی ئافرەتی کورد لە لەم لایەنەوە سەخت بووە، بەهۆی ئەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژیانی کوردەواری لە بارودۆخێکی قورس و دژواردا بووە، بەهۆی ئەوەی هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری هاوسەرەکەی بووە، لە ئەرک و کارەکانی و پەیرەوی داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە(برایی، ژ(٣١٢)، ١٩٦٨/١٠/٢٦،ل٥؛ برایی، ژ(٤٠٦)، ١٩٦٨/١٠/١٩،ل٤؛ هاوکاری ،ژ(٢٣)، ١٩٧١/٧/١٠،ل٨). هەر ئەمەش وایکردووە توێژینەوە کۆمەلایەتییەکان ئەم بارودۆخەی ئافرەتانی کورد لە ڕوانگەی پیاوسالارییەوە سەیرکەن، وەک توێژەیەکی کۆمەڵایەتی دەڵیت(ئەو نایەکسانییە لە کۆمەڵگا وایکردووە ئافرەتی کورد نەتوانێ بەئاسانی بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان زاڵ بێت، لە کۆمەڵگای کورد هەمیشە پیاو لێبرسراوی یەکەم بووە، ئافرەتیش بەپلەی دووەم هاتووە). (کاکەسوور،٢٠٠٤،ل٩٧) دەتوانین بلێین ئەم پێوەرە بۆ ماوەی توێژینەوەکە تاڕادەیەک دروست بووە، بەلام لە ئێستادا ئەم پێوەرە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لێ پرسارویەتی بووەتە ئەرکی هاوبەش لە نیوان ژن و پیاودا.

هەر لەبارەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە تێکەڵاوبوونی ئافرەت لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خێزانەکەی نەشیاو بووە، هەربۆیە بەپێی کەلتووری لادێکانەوە دوو شوێن هەبووە بۆ کۆبوونەوەی ئافرەتان و پیاوان هەریەکەیان سنوور و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، سەرپێچی کردن لەم سنوورانە لە دیدی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بێڕێزی کردن بووە، ئەوانیش بوونی دیوەخان کە تایبەت بووە بە پیاوان ئافرەتان بۆیان نەبووە نزیک ئەو شوێنە بکەونەوە، (حەرەم) شوێنی کۆبوونەوەی ئافرەتان بووە، هەر پیاوێکی بێگانە نزیک ئەو شوێنە بکەوتبایە خوێنی حەلال دەکرا، تەنانەت ئەم داب و نەریتە بووەتە جێگای سەرنجی زۆرێک لە شاعیران لەم بارەوە باسیان لێوەی کردووە( تریفە ، ژ(٨)،ساڵی٤، ١٩٧٩،ل٢١ ). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ماوەی ساڵانی پێش حەفتاکانەوە هەندێ نەریت و دابە کۆمەڵایەتییەکان بەتوندی وابەستەی ژیانی ئافرەتان کراوە.

بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەم وابەستە بوونە کۆمەڵایەتییە کاڵ بووەتەوە، بەتایبەت بە بەراوردکردن بە ساڵانی دواتر.

بۆنموونە لەڕووی ئادگارە کۆمەلایەتیەکانەوە وا وەسفی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان کراوە کە خاوەن جۆرێکن لە ئازادین، میوان بەرێکەر و ئازا و چاونەترس و کەسایەتیەکی بەهێز و خۆڕاگرن،(هاوکاری ، ژ(٤٠٣)،١٩٧٧/١٢/١٩،ل٥). ئەگەر سەیری ئەم لایەنە بکەین پێناسەکی جوان و بەهێز بەئافرەتی کوردبەخشراوە، وادەرکەتووە لە هەموو بەشەکانی دیکە ئازادیان زیاتر ببوبێت، بەڵام لەدیوی دیکەی ژیانی ئافرەتی کورد بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەپشت ئەو ڕاستیە لایەنێکی نەوتراو هەیە، کە ئەویش ئەوەیە ئافرەتانی باشووری کوردستانیش هاوشێوەی هەر ئافرەتێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرفتاری سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵگاو پیاو سالاری بوونەتەوە، نەیانتوانیوە خۆیان بەتەواوەتی لە سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵگاو نەریتەکانی ڕزگاربکەن، ئەمەش وایکردووە ئافرەتان لە ڕەوشی ناهەمواری کۆمەڵایەتیەوە لەیەک کاتدا دووجار بچەوسێنەوە، بەپلەی یەک چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی بووە، لەبەر ئەوەی ئافرەتانی لادێنشینی و خێڵەکی شان بەشانی پیاوان لە کاروباری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بەشداربوونە، بەڵام هیچ جۆرە سەربەستییەکی ئابووریان نەبووە، تێکرای بەرهەمی ماندووبونیان چووەتە گیرفانی پیاوەکانیان، لەلایەکی دیکەوە سیستەمی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی وایکردووە خۆی منداڵەکانی لە پاڵ نەداری و هەژاری پیاوەکەی لە کۆڵە مەرگی بژییەت، هەرئەوەندەش نەبووە بەڵکو ئافرەتانی لادێ لەزۆرکات لە مافەکانیان بێبەشکراون نەیانتوانیوە مافەکانیان وەربگرن بۆ نموونە مەسەلەی میرات، بەڕووی کۆمەڵایەتی و شەرعیەتی ئیسلامەوە بەرواودبکەین ، دەبینین لەو بابەتانە بووە کە تا ساڵنێکی زۆر ئافرەتان لێ بێ بەش بوونە، بەهۆی بوونی نەریتی کۆنی کۆمەڵگا، کەکچ مافی وەرگرتنی میراتی نەبووە یان عەیبە بووە لە داواکردنی، ئەمەش وایکردووە ئافرەت نەبێتە خاوەن پێگەیەکی ئابووری تایبەت بەخۆی( بەیان، ژ(٢٥)،١٩٧٥،ل٤). بەپێچەوانەی ئێستادا ئەم دیاردەیە تەواو کاڵ بووەتەوە

نەبوونی سەربەستی ئابووری ئافرەتی کورد ڕەنگدانەوەی هەبووە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، هەرئەمەش وایکردووە ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت بگرن ، تەنانەت لە دوای دەرچوونی یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراوە یاسایەک نەبووە، بۆ ئەوەی مافی ئافرەتان بدات تاوەکو ببنە خاوەن زەوی تایبەت بەخۆیان (بیری نوێ ،ژ(١١٣)، ١٩٧٣/٩/١، ل٥).

وادەردەکەوێت زاڵبوونی هەندێ داب و نەریتی کۆن کاریگەری نەرێنیان دروست کردبێت لەسەر ژیانی ئافرەتان، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە جل و بەرگ و هاموشۆکردن تێکەڵاوی ئافرەت هەبووە، لە نموونەی ئەولایەنی زۆرتر باسکراوە، مەسەلەی عەبا و پێچە بووەتە جیگای سەرنجی جۆرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیران بەشێکیان پێیان وابووە، ئەم شێوازە کاریگەری لەسەر ژیانی ئافرەتان هەیە هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی ئافرەتان لە مەیدانی کارو پێگەی کۆمەڵایەتییان، نەریتێکی سەپێنراوی پیاوسالارییە پەیوەندی بە ئاینەوە نییە، پێچەوانەوە کەسانێک هەبوون ئەمەیان بە نەریتێکی جوانی کۆمەڵایەتی بینیووە، ئەم بیرکردنەوەیان بەتەواوی ڕەتکردووەتەوە، باوەریان وابووە نەمانی عەبا و پێچە کێشەی ئافرەتان چارەسەرناکات مەسەلەکەیان لەمە گەورەتر بینیوە (ژین ، ژ(١٧)،١٩٧١/٤/٧،ل1؛ ژین، (١٩) ، ١٩٧١/٤/٢٢، ل1؛ هاوکاری ، ژ(٣٣١) ،١٩٧٦/٨/١٨،ل٩؛ هاوکاری ، ژ(٢٧٣) ،٢٧-١٩٧٥/٧/٤،ل٦).

لەلایەکی دیکەوە داب و نەریتەکان بەهۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەیان لە سەر پەوەنـدی و هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری تاکەکانی کۆمەڵگـایان هەبـووە بە تایبەت لە بۆنە و ڕێورەسمەکۆمەڵایەتیەکانی وەک هاوسـەرگیری و پرسـە( طـاهر ، ٢٠١٧،ل٤٢).دیسـان ئـافرەتی کـورد لەم لایەنە مـاف و ئـازادییەکانی لەچوارچێـوەی نەریـتی کـۆمەڵایەتی تـواوەتەوە. بـۆ نمـوونە هاوسەرگیری و ژن هێنان وەک دیارەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگ کاریگەریی زۆری لەسـەر ژیانی ئـافرەتان هەبـووە، لەبەر ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر ئەم پرۆسـەیە لە کۆنـدا پەیوەسـت بـووە بە ڕەزامەنـدی پیـاو، لەم نێوەنـدەدا هاوسـەرگیری نێـوان خزمـان پانتـایەکی بەرفـراوانی لە نێـو جـۆرەکانی دیـکە وەرگرتووە (میران،٢٠١٢،ل٢١٩). ئەم داب و نەریتـانەی کۆمەڵگـا وایان کردووە، ژن هێنان و کچ بە شوودان پۆلێن بکرێتە سـەر چەند جۆرێک لەوانە ژن بە ژنی وگچەکە بە گەورە، کچ بە شـوودان لە نێو خزمـان، ژن لە تۆڵەی خـوێن و ژن بـۆ چارەسـەری کێشـە عەشائیرییەکان، شیر بایی، هەمـوو ئەمـانە بەڵـگەن کە ئەم پرۆسـەیە تەنیـا لە دیـدی خێزانـداری و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییەتی بەتەواوی سەیر نەکراوە.

بـۆ نمـوونە ئەگەر لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە سـەیربکەین هەروەک باسکراوە، نەریتێکی سەپێندراو هەبووە، لەکاتی کچ بەشـوودان خێزانەکان دەبوایە کچێک لە بەرانبەر وەربگرن بە پێچەوانەش بۆ خێزانی بووک بە لەنگی و شورەیی داندراوە(سەفین، ژ(٦)، سـاڵی ٢، مایسی- ١٩٦٨،ل٦ ؛ ژیـــن ، ١٩٧٢/٧/١٧،ل١؛ رزگــاری ،ژ(٦)،٢٧تەمـــووزی ١٩٦٩،ل٤٥؛ شمـس کردسـتان ، العـدد(36)، أذار ١٩٧٦،ص12) نەریتی کۆن و سەپێنراوی دیکە داواکردنی پارەی خوازبێنی (شیربایی)بووە، هەنـدێ جـار داواکاری ولاغـی بەرز و چەک بـوونە (رزگـاری،ژ(١٠)، ٢١کانوونی دووەمی ١٩٦٩،ل٦) هەرچەنـدە ئەم نەریتە زۆر کـۆن بـووە ڕیشـەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی دەرەبەگـایەتی، بەڵام لەسـەرەتای حەفتـاکانیش لەناو دێهـاتەکان هەر هەبـوونە، لەشـارەکان تاڕادەیەک کەمـتر بـووە، بەتێـپەڕ بـوونی کات وردە وردە کاڵ بـووەتەوە بەرەو نەمـان ڕۆیشتووە.

لێـرەدا بەپشـت بەسـت بەزانیـارییەکان بۆمـان دەردەکەویـتە نەریـت و بیروباوەری میللی لە قۆناغی بەر لەحەفتاکاندا کاریگەرییەکان لەسـەر ژیانی ئـافرەتان زیاتـر بـووە، وایکـردووە وابەسـتەی هەنـدێ نەریـت بێـت بەبێ ویستی خۆی،بەلام ئەم وابەستە بوونە بەتێپەربوونی کات کاریگەرییەکانی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بەرەو لاوازی و نەمان ڕۆیشتووە.

**ب- بواری رۆشنبیری**

یەکێک لەم گۆڕانکارییانەی کاریگەریی هەبووە لەسـەر ژیان و پـایەی ئـافرەت لە کۆمەڵـگـای کـوردی دەرچـوونی یاسـا گشـتییەکانی بـواری رۆشـنبیری و کـۆمەڵایەتی بـوونە، بـۆ دەسـتەبەرکردنی مـافی ئـافرەت لە کۆمەڵگا لە بوار جیاوازەکاندا، ئەمە لایەنەش چەند بوارێکی لە خۆگرتـووە، لەوانە ئەگەر لە ڕووی ڕۆشنبیری و فێرکردنەوە سەیربکەین. بەهۆی ئەوەی ئـافرەتانی کـورد لە سـاڵانی بەر لە حەفتـاوە بە رێژەیەکـی بەرچـاو نەخویندەواربوونە، هەرچەندە ئەمە تەنیا تایبەت نەبووە بە ئافرەتان، بەڵکو پیاوانیش هەمان گرفتیان هەبووە،

ڕێـژەی ئەوانەی خوێنـدەوار بـوونە تەمەنیـان لە نێـوان (١٥-٤٤)سـاڵی دابـووە، لە هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک) لە ساڵی ١٩٧٣ لە (٤١،٣%) پیاو، رێژەی (٣٦،٢%)ئافرەت بوونە، ئەوانەی یاسـای بە زۆر خوێنـدن گرتـووەیەتی لە پیاوان (٤٥%) و (٧٣،٦%)ی ئافرەتان بووە، بەم پێیە بۆمان دەرکەوێت کە ریژەی نەخوێندەواری لەناو ئافەرتانـــدا بە رێــــژەی ٧٦% بــــووە (بــــیری نـــوێ، ژ( ١٧٨)،١٩٧٦/٢/٧،ل؛ ژ(١٩٠)، ١٩٧٦/٥/٨،ل٣). هەر بۆیە لەم ماوەیەدا چەندین هەوڵ هەبووە، لەلایەن دەزگا حکومی و ڕێکخراوەکانی

سەر بە ئافرەتان بۆ وشیارکردنەوەی ئافرەتان و لەوانەش کردنەوەی خولی ڕاهینان بۆ ئافرەتان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە سەر ئاستی پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر خولێک بۆ (٣١) ئافرەت کراوەتەوە، تێدا جەخت لەسەر گرنگیدان بە ئافرەتانی لادێ کراوەتەوە(هاوکاری، ژ(٣٠٣)، ١٩٧٦/٢/٦،ل ٦).

لە چوارچێوەی وشیاری ئافرەتان بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستان چەند مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتان دامەزراوە، کە چەندین بەشی لە خۆیەوە گرتووە، وەک بەشی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و بەشی فێرکاری پیشەیی بەشی ڕستن و چنین ، مەرجی وەرگرتن لەم مەڵبەندانە، تەمەنی لە(١٠)ساڵ کەمتر نەبێت، خولە کە ساڵێکی خایاندووە دوای تەواو بوونی ماوە خولەکان دەرچووان دەبوونە خاوەن بڕوانامە، سەبارەت بە بچووکەکان وەرگیراون لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی، هەرچی تەمەن گەورەکان بوونە، لە کارگەکان دەستیان بە کارکردووە، هەندی جار وەک ڕاهێنەر وەرگێراون(هاوکاری، (٣٧٨)، ١٩٧٧/٩/٢٨،ل٥).

بە هەمان شێوە مەڵبەندی ڕێنماییکردنی ئافرەتانی لادێ بەمەبەستی شارەزابوون وشیارکردنەوە چەند خولێکی کردووەتەوە، لەوانە مەڵبەندی ١٧ی تەمووز لە شارەزوور) کە چەندین چالاکی جۆراوجۆی کردووە، لە ژێر سەرپەرشتی (نەسرین فەتاح کەریم) بەهەمان شێوە خولی ڕست و چنین، دوورمان، هونەری چێشت لێنان، نەهێشتنی نەخوێندەواری، شارەزابوون لە کاروباری کێڵگە کراوەتەوە(هاوکاری ،(٣٩٧)،١٩٧٧/١١/١٧،ل٣). بەشداریکردنی ئافرەتان لەم بوارە تاڕادەیەک بەربەرست و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی بەرەو کاڵ بردنەوە بردووە,

هەر بۆ وشیارکردنەوەی ئافرەتان و شارەزابوون بەڕەوتی گۆرانکاری سەردەم (مەڵبەندی لادێیی) وەک بنکەیەکی وشیاری بەشێوەی کاتی لە گوندەکانی کوردستان کراوەتەوە، لەوانە لە ناوچەکانی تاسلوجە، شیرەمەڕ، گوێژە، سیروان، چەمچەماڵ، کەلار و چەند ناوچەیەکی دیکە، لە هەردوو مانگی مارت و نیسان ١٩٧٨ چەندین چالاکی جۆراوجۆر سازدراوە، بەتایبەت نەمایشکردنی فلیمی سینەمایی کشتوکاڵی و وشیاری تەندروستی و وپیشەیی و کۆمەڵایەتی. (هاوکاری ، ژ(٤٢٣)،١٩٧٨/٥/٢٤،ل٨).

گۆرانکارییە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری ڕاستەخۆیان هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی ئافرەتان بۆنموونە لە دوای کردنەوەی یەکەمین ئۆردوگای کچان لە کوردستان لە ژێر دروشمی (بۆ هەوڵدانێکی زیاتر لە هەمووولایەنیکەوە بۆگورجی-کردن لە ڕزگارکردنی ئافرەتان) لە ژێر سەرپەرشتی ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین ، (پەروین مەجید عەبدولسەمەد) وەک یەکەمین بەڕێوەبەری ئۆردوگا داندراوە، چالاکییەکانی ئۆردوگا زیاتر ئامادەکاری بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان و مەشق و ڕاهێنان و پێشبڕکێی وەرزشی نمایش کردنی بابەتی ڕۆشنبیری و فلیمی سینەمایی بووە، بووەتە هۆکارێک بوو بەشداری کردنی ئافرەتان و کرانەوەیەک لە ژیان وپیگەی ئافرەتی کورد سەرهەڵبدات(هاوکاری، ژ(٤٣٢)، ١٩٧٨/٧/٣،ل٢).

دەتوانین بڵێن بابەتی هۆشیاری و هاندان بۆ نەهێشتی نەخوێندەواری ئافرەتان و بەشداریکردنیان لەپرۆسەی خوێندن و فێرکردن لەبابەتە گرینگەکانی ڕۆژنامەگەریی بووە لە ساڵانی توێژینەوەکە و دواتریش بەڵگەی ڕاستی ئەمەش ناوەرۆک و لێکۆڵینەوەکانە لەقۆناغی توێژینەوەکە و سەردەمی قۆناغی دواتر.

**ب- لە ڕووی هونەرییەوە :**

داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی ئافرەتانی کورد بەسەختی بتوانن لەهەندێ بوارە هونەرییەکان کاربکەن،

بۆنموونە هەرچەندە سەرباری ئەوەی ساڵانی( ١٩٥٨-١٩٦٠) لە بواری شانۆگەرییەوە کۆمەڵێک ئافرەت دەرکەوتوون توانویانە ئەو ڕێچکەیە بشکێنن و پەرە بە بزووتنەوەی هونەری کوردی بدەن، لەوانەی ناویان هاتووە (شیرین ڕەشید، بەهیە ئەحمەد، پەخشان حمە بەگ، ڕووناک کۆیی، گەلاوێژ سابیر، شەوقیە شەوکەت، پەروین عەزیز، سوعاد سەعید، سەمیرە ئەحمەد) بوونە (ڕۆژی کوردستان ، ژ(تایبەت)، ١٩٨٠). لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ ئافرەتانی کوردستان لەم لایەنەوە وەک پێویست ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە، ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە، ڕێژەیان سنوور دابوو بە پەنجەی دەست ژماردراون (هاوکاری ژ(٢) ، ١٩٧٠/١/١٦، ل٧).

لەگەڵ ئەوەی لەدوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار و پەیدانی ئۆتۆنۆمی بارودۆخی نوی ڕەخساوە، هونەریش وەک هەر بوارێکی دیکە بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینیووە(عەلی، ٢٠٢٢، ل١٢).بەڵام دەبینین بەشداریکردنی ئافرەتان هێشتا لە ئاست پێویستی گۆرانکاری سەردەم نەبووە، بەڵگەی ئەمەش تەنانەت تاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکان کۆمەڵەی هونەری وێژەیی کورد لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بانگەوازی بۆ ئافرەتانی کورد کردووە، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن بەشداری هونەری شانۆی کوردی بکەن(ژین (١٢٠)،١٩٧٣/٧/٢٦،ل١؛ هاوکاری، ژ (١٦٨) ، ١٩٧٣/٥/٢٠،ل٤). هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەتانی کورد لەم بوارەدا ڕۆڵیان نەبووە، کەم تا زۆر بەشداریان کردووە، بۆن موونە لە بواری شانۆگەرییەوە لە نمایشکردنی شانۆگەری(قارەمانی ئافرەت) لە نووسینی (عومەر عەلی ئەمین) لە پێشکەشکردنی تیپی هونەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق لقی سلێمانی لە ١-٨ی ئابی ١٩٧٣(گەزیزە عومەر عەلی ئەمین) وەک ئافرەتێکی لێهاتوو بەتوانا ڕۆڵی بینیوە (ژین، ژ(١٢٠)، ١٩٧٣/٧/٢٦،ل٨) . هەروەها (حەیات سلێمان) یەکێکی دیکە بووە لە ئافرەتە بەتواناکان لەیەک کاتدا چوار ڕۆڵی جیاوازی بینیوە لە شانۆگەری (بێلان)، ئەمەش بەهۆی کەمی ڕێژەی ئافرەتان بووە، بە ناچاری هەندێ جار ئافرەتێ چەندین ڕۆڵی پێسپێدراوە لە نموونەی دیکە (شادان فوئاد حمە ئەمین ) ڕۆڵی لە شانۆگەری (ژیان ) و (مەم و زین)دا بینیوە (بەیان ، ژ(٤٨)، ئادارو نیسان ١٩٧٨ ،ل٤٤-٤٥). بەشداریکردنیان بەمانای هەنگاوی پێشکەوتنی ژیانی هونەری ئافرەتانی کوردی هاتووە.

لایەنی دیکەی هونەر بواری گۆرانی بووە، سەرباری کەمی ئافرەتان لە بواری هونەری لە ساڵانی حەفتادا ناوی ئافرەتێکی کوردی خەڵکی باکووری کوردستان هاتووە کە ناسراوە بە (عائیشە شان) کە لەئ یستگەی کوردی چەندین گۆرانی تۆمارکراوی هەبووە، لە ساڵی ١٩٦٣دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەهۆی مردنی کچە یەک ساڵ و نیوەکەی بەناوی (شەهناز)بەگۆرانی و ئاوازی خەمبارییەوە خەم و گرانی دڵی خۆی ڕەواندووەتەوە، بەرهەمەکانی نزیکەی (٤٠)قەوانی تۆمارکراو بووە بەکوردی و تورکی بوونە، بەڵام لە ١٩٦٩- ١٩٧٣ چووەتە دەرەوەی وڵات کاری هونەری کردوووە(هاوکاری (٢٨٣)، ٥-١٩٧٥/٩/١٢،ل٧-٨).

ئەم کرانەوەیە لە بواری هونەریدا وایکردووە ئافرەتان بتوانن بەسەر نەریتە کۆمەڵایەتییەکان زاڵ بوون بەشدارییان لەبواری هونەریدا زیاتر بێت ،بەڵگەی ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٥ تیپێکی موسیقای ژنان لەلایەن گوزیدە قەفتان بەناوی (تیپی موسیقای کچانی سلێمانی) دامەزراوە، دوای هەوڵێکی زۆر توانیویەتی خزم و کەسوکاری کچەکان رازی بکات مۆڵەتی کچەکانیان بدەن، (ڕەواندزی، ٢٠٠٥، ل١٧٨؛ هاوکاری، ژ (٤٠٥)،٢٦ /١٩٧٧/١٢، ل٥). ئەو تیپە لە میهرەجانی هەولێر لە ساڵی

١٩٧٦ بەشداریکردووە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەهەمان شێوەش لە میهرەجانی بەغداد ، لەسەرەتادا ژمارەیان (١٧) کەس بووە لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەیان گەیشتووەتە (٣٠) ئەندام، لەوانەی ناویان هاتووە: پەیمان عەلی، سەبریە سلێمان، گوڵاڵە حسین، ڤیان محەمەد ساڵح، ڕۆشنا ڕەشید، پەروا ئیسماعیل، شیرین عەلی، دەنگ خۆشەکان هەریەک لە : (شیرین محەمەد سەعید، سروە عەزیز محەمەد، ڕووبار سەعید) بوونە.(هاوکاری، ژ (٤٠٥)،١٩٧٧/١٢/٢٦،ل٥).

هەرلەبارەی ڕۆشنبیرییەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی بایەخی بە پایەی ئافرەت داوە لەبواری ئەدەبیەوە، لە گرنگترین لایەنی ئەم بوارەش شیعر بووە، بەهۆی هەستیاری مەسەلەی ئافرەت لەکۆمەڵگاد بووەتە هەوێن و سەرچاوەی شاعیران، بۆ نموونە پایەو ڕەوشی ئافرەتان خۆی خزاندوەتە نێو شیعری کوردییەوە شاعیرانەوە بە جوانترین شێوە گوزارشتیان لێوەی کردووە، چەندین بەرهەمی شاعیران لەم لایەنەوە بەجوانترین شێوە هاتوونەتە مەیدان، لە نموونەی ئەمانەش شیعرەکانی هێمنی شاعیر یەکێک بووە لەم شاعیرانەی بە هۆنراوەی بەرز و شۆڕشگێرییەوە داوای شکاندنی کۆت و بەندی کردووە، لەوانە لە هۆنراوەی (یادگاری شیرن)،کە داوای لادانی عەباو پێچەی کردووە، لە نموونەی دیکەی شیعرەکانی کە باسی لێوەکراوە (شەپۆلی تۆڵە)، (گوڵی هیوا )، (کیژی لادی)، (بەهاری کوردستان) بووە کەوێنەی ئافرەتی شۆڕشگێری کوردیان نیشانداوە (بەیان ،ژ(٢٦)،حوزەیرانی ١٩٧٥،ل٢٨.)

هەرلەم لایەنەوەش محەمەد مەلاکەریم لە خەباتی شیعری کوردی لە هۆنراوەی (لە پێناوی ئازادی ئافرەتان ) باس لە چەوساندنەوەی ئافرەتانی جیهانی سێیەم بەگشتی و ئافرەتانی کورد بەتایبەت کردووە ، بە هۆی سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵگاوە هەوڵدەدات پەردە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی ئافرەتان لابدات لە ژێر ناوی داب و نەریتەوە، بە تایبەت لە مەسەلەی بێبەشکردنی ئافرەتانی لادێ لە میرات و بەزۆر بەشوودان سەندنی شیربایی و ژن بەژن و ژن لە تۆڵەی خوێن( بەیان ،ژ(٢٦)، حوزەیران ١٩٧٥،ل ٣-٥ ) ، هەر لەلایەنی هونەرییەوە ئافرەتانی کورد لە ڕێگای شیعرو چیرۆک و بەرهەمەمەکانیانەوە دەنگی خۆیان گەیاندووە بەشێک لەم بەرهەمانەیان بەشێوەی نامیلکە یاخو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بڵاوکردووەتەوە(بیری نوێ ،ژ(٢٢٤)، ١٩٧٧/١/١٥،ل٢).

لە بواری ڕاگەیاند و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە هەمان شێوە ئافرەتان بەشداریان کردووە ئەگەرچی سنووورداربووە، بەتایبەت لە تەلەفزیۆنی کەرکوک(التاخي ،العدد ( ٨٦٢)،١٠/١٦/ ١٩٧١). بەهۆی ئەوەی تەلەفزیۆنی کەرکوک وەک کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ بانگەشە سیاسیەکانی خۆی دامەزراندووە، گرنگی ئەوتۆی بە پەروەردەی ئافرەت نەداوە بۆ کارکردن لەم بوارەدا (کاکەسور، ٢٠٠٤،ل٩٠). بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە هاتووە کە ئافرەتان ڕۆلیان نەبوبیت، بەپێچەوانە لە نێوان ئەو ئافرەتانەی لە ئێسگەی کوردی بەرنامەی تایبەت بەئافرەتانی هەبووە (شیرین عەباس) بووە، گۆڤاری ئافرەتی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک پێشکەش کردووە، بەرنامەکەی بە ناوی( داخوازییەکانی ئافرەتانی کوردستان) بووە، لەسێ بەش پێکهاتووە بۆ ماوەی (١٥)خوولەک بووە، کە تێدا چەند هەواڵێک و نامەی بینەران و گۆشەی دیاری گرتووەتەوە، بەهۆی کەمی کاتەوە زۆر کات نەتواندراوە وەک پێویست بابەتەکان بگەیەندرێت و زۆرکاتیش ڕەخنەی لێوەگیراوە (بیری نوی ، ژ(١١٥)،١٩٧٤/٩/٢٩،ل٤).

نووسین لە لایەنە گرینگەکانی ڕۆشنبیری بووە، جیا لە هەر لایەنێکی دیکە تواناو لێهاتوویی ویستووە، بەتایبەت لەسەردەمانێک تازە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری ئافرەتان سەری هەڵدابوو، لەگەڵ ئەوەش لە نێو

ئافرەتانی کورد کەسانێک هەبوونە خولیای نووسینی بابەتی جۆراو جۆریان هەبووە ج لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەتایبەت لەبارەی ڕەوشی ئافرەت و کۆمەڵگا (هاوکاری ژ(٧) ، ١٩٧٠/٢/٢٧، ل٨).

لە نێو ئەمانەی ناویان هاتوو(ڕووناک کۆیی) بووە، نووسینەکانی لەبارەی ڕۆڵی ئافرەت لە پاڵ پیاوان لە تێکۆشانی نەتەوەیی بابەتی نوسیووە (هاوکاری ،ژ(٥)، ٦/٣/ ١٩٧٠،ل٥). هەریەک لە سوعاد خەلیل، فەخریە عەبدولڕەحمان (هاوکاری ژ(٢٣)، ١٠/٧/ ١٩٧١،ل٨). فەوزیە فەرەج جەعفەر چەندین بابەتیان لەم بارەوە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ نووسیوە (هاوکاری ،ژ(٣٤٣)،١٩٧٦/١٠/٢٤،ل١١؛ هاوکاری ،ژ٣٥٧)،١٩٧٧/٣/٢،ل١١؛ هاوکاری ،(٣٦٠)،١٩٧٧/٣/٢٣،ل٨؛ هاوکاری ـ ژ(٣٦٥)، ١٩٧٧/٤/٢٧،ل١١؛ هاوکاری ،ژ(٣٨٨)، ١٩٧٧/١٠/٥،ل٨؛ هاوکاری ،١٩٧٩/٢/١٩،ل٨) . هەروەها (سامیە شاکر ) یەکێکی دیکە بووە لە ئافرەتە بە تواناکان لە یەکێتی نووسەرانی کورد بەشدار بووە، لە بواری نووسین وەک شاعیرێکی ئافرەت شوێن پەنجەی دیاربووە (هاوکاری ، (٣٩٦)، ١٩٧٧/١١/١٤،ل٥). هالە بەدری لە بارەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی چەندین بابەتی نووسیوە(هاوکاری ،ژ(٣٩٨)، ١٩٧٧/١١/٢٨،ل٥؛ هاوکاری ،ژ(٣٩٩)،١٩٧٧/١٢/١،ل٥؛ هاوکاری (٤٠٣)١٩٧٧/١٢/١٩،ل٥). بەهەمان شێوە کورستان موکریانی (هاوکاری ژ(٢٧) ٧ی ئاب ١٩٧١،ل٨.). شیرین عباس نووسینەکانیان لەبارەی ئافرەتی کورد بوونە (ئافرەتی کورد، هاوکاری، ژ(١٦٤)، ١٩٧٣/٤/٢٧،ل٣ ؛ هاوکاری(١٦٥)، ١٩٧٣/٥/١١،ل٤؛ هاوکاری (١٨٥)،٢١ ٩/ ١٩٧٣، ل٤؛ هاوکاری (١٨٦)، ١٩٧٣/٩/٢٨،ل٨) ، لە پاڵ ئەمانەش هەریەک لە خەدیجە مستەفا ناسراو بە (فریشتە شاعیر )، پەخشان زەنگەنە، شوکریە ڕەسول سەنەوبەر عەلی چەندین بابەتی جۆراوجۆریان نووسیوە(هاوکاری ،ژ(١٣٣)،١٩٧٢/٩/٣،ل٤؛ بیری نوێ، ژ(٥٤)، ٣/٧/ ١٩٧٣).

تەوەری دووەم : کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت و حکومی :

ئافرەتانی کورد بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە پاڵ پیاوان و کاریان کردووە ، هەر ئەمەش وایکردووە بە ئازایەتی و چاونەترسی و بوێری ناویان بێت لە سەرچاوە مێژوویەکانی کۆن و نوێدا، ڕۆژنامەگەریی کوردی هەمان دیدگای بۆ ئافرەتانی کورد هەبووە، ئافرەتانی کورد لەلادێکان لەپاڵ هاوسەر و کوڕ براکانیان کاری قورس و زەحمەتییان کردووە، لە شارەکانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو لە مەیدانی کار لە دەرەوی ماڵەکانیان کاریان کردووە، بەتایبەت لە کارگەکان شوێن پەنجەیان دیاربووە.

بۆ نموونە لە کارگەی جگەرە و پوختەکردنی تووتن لە شارەکانی کوردستان، کە نزیکەی (١٢٠)کرێکاری ئافرەت لە کارگەی جگەری سلێمانی و (١٠٠)کرێکاری ئافرەت لە کارگەی جگەرەی هەولێر و (١٠٠)کرێکاری دیکە لە کارگەی بەرگ دوورینی هەولێر و کارگەی بەرهەم هێنانی قوماشی کوردی لە دهۆک ڕۆژانە خەریکی کار بوونە بۆماوەی زیاتر لە هەشت کاتژمێر، بەشێکیش لە ئافرەتان لە ماڵەوە خەریکی پیشەیی دەستی بوونە، بەتایبەت دروست کردنی جلی کوردی و کڵاش و بەڕەو چنینی مووی خوری خۆماڵی، سەرباری زەحمەتی کارەکە نرخەکەشی هەرزان بووە، لە بەرانبەر هەر کیلۆیەک خوری و چنین تەنیا (هەشت پەنجای)یان وەرگرتووە( بیری نوی ، ژ(١٨١)،١٩٧٦/٣/٦،ل٦).

سەبارەت بەو ئافرەتانەی ناویان هاتووە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ناهیدە عەلائەدین یەکەم ئافرەت بووە لەکارگەی جگەرەی هەولێر لە ١٩٧٢ کاری کردووە(هاوکاری، ژ(٣٩٨) ، ١٩٧٧/١١/٢٨، ل٥).

سەدریە نەعیم تەمەنی (١٨)ساڵ بووە لەکارگەی جگەرەی هەولێر بووە، یەکێکی دیکە بووە لەم کەسایەتییانەی سەرباری بچووکی تەمەنی ئەندامی نەقابەی کرێکاران بووە، هەولی چارەسەرکردنی گرفتی ئافرەتانی داوە (هاوکاری، (٣٩٩)،١٩٧٧/١٢/١،ل٥). هەرچەندە یاسای خزمەتی کارکردن و یاسای خانەنشینی کرێکاران بەژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧٥دەرچووە، تێدا مافی کرێکارانی ئافرەتی دیاری کردووە لەبارەی موچە و شێوازی کارکردن و کاتی کارەکان، بەڵام وادەردەکەوێت کە ئەو یاسایە بەتەواوی جێبەجێنەکراوە. ( بیری نوێ، ژ(١١٣)،١٩٧٥/٩/١٥،ل٥)،

لە گرفتەکانی دیکەی بواری کارکردنی ئافرەتان دەست نەکەوتنی کاری گونجاوبووە، بۆ ئافرەتانی کرێکار بەگوێرەی سەر ژمێرییەکانی نووسینگەی کار ئەو ئافرەتانەی ناویان تۆمارکردووە بۆ دەستکەوتنی کار لە ساڵی ١٩٧٦سلێمانی (١٠٩٥)بوونە، لە هەولێریش (٦٠٨)کرێکار بوونە بەشێک لەمانە کرێکاری پسپۆڕ و شارەزابوونە لە دهۆکیش بەهەمان شێوە، بەڵام تاوەکو ساڵی ١٩٧٧ لەم ڕێژەیە (٩%)کاریان دەستکەووتووە، بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی کەم بووە، زۆربەیان لە چاوەڕوانی هەلی کاربوونە(ئۆتۆنۆمی ،ژ(٤)، ساڵی ١٩٧٧،٢،ل٥).

کارکردن لە دەزگا فەرمی و کارگێڕییەکاندا:

لە کۆمەڵگای کورد بەهۆی زاڵبوونی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی وایکردووە، بەشداریکردنی ئافرەتان لە دامودەزگا حکومییەکان تاڕادەیەکی زۆر سنووردار بووە، بەدەگمەن ئافرەتێک بینراوە، بەڵام لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار ڕەگەزی ئافرەت وردە وردە توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنی بەشداری بکات لە دەزگاکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردندا، لە نموونەی ئەمانە یەکەم ئافرەت لە هەولێر (گەلاوێژ حاجی عباس) بووە، وەک فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ هەریەک لە (بەهیجە ئیبراهیم ئەحمەد و نەجیبە قادر شێخو) لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، لە وەزارەتی کارونیشتەجێبوون دوو فەرمانبەری ئافرەت هەبوون، بەناوەکانی (سەعدیە شاکر و سەبریە عبداللە)، کارکردن لە دەزگا حکومییەکان بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەر و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە کێشە و گرفت بۆیان زۆر کاتیش کێشەی بنەماڵە و خێزان سەرباری ئەمانەش ئافرەتان ڕۆلیان لەم بارەوە هەبووە بەپێچەوانەی ئێستا ژمارەیەکی زۆرتر لە فەرمانبەران و مامۆستایانی ئافرەت هەن ئەمەش نیشانەی زاڵبوونە بەسەر بیروباوەڕ و نەریتە کۆنەکانە. (هاوکاری، ژ(١٨٥)، ١٩٧٣/٩/٢١، ل٤).

لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دوای دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، کاریگەری بەسەر شێوازی ژیانی ئافرەتانەوە هەبووە، ڕێگادان بە کارکردنی ئافرەتان بووە پۆست و پایەی فەرمی و کارگێڕی لەوانە بە شداریکردنیان لە ئەنجوومەنی یاسادانان بووە، دوو ئافرەتی کورد بوونەتە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە، ئەوانیش سامیە شاکر و بدیعە محەمەد بوونە (بیری نوێ، ژ(١١٣)، ١٩٧٤/٩/١٥، ل٥؛ ئۆتۆنۆمی، ژ(١)، ساڵی ١، کانونی دووەم ،١٩٧٦ ،ل١٢٠-١٢١) .

**تەوەرەی سێیەم : یەکێتی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.**

وێسگەیەکی دیکەی ژیانی ئافرەتان لەماوەی توێژینەوەکەدا کارکردنی ئافرەتانی کورد بووە لەچوارچێوەی ریکخراوی ئافرەتاندا، بۆیە دەتوانین بلێین لە دیدی ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆرترین لایەن باسی لێوەکراێت بوونی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان بووە، کە لەئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی کۆمەلێک ئافرەتی کورد بۆ کۆکردنەوەی ئافرەتان لە ژێر سایەی یەک ڕێکخراو بە ناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کەوتووە کار،

هەرچەنـدە لە ڕووی مێـژووییەوە ئەم کۆششـە دەگەڕێـتەوە بـۆ (١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢) لەسەر ڕاسپاردەی (پ.د.ک)، ئەم هەنگاوەش دوای شەهاب شێخ نوری و بابا تاهیر شێخ جەلال کە دوو ئەندامی (پ.د.ک) هەریەک لە درەخشـان شـێخ شـێخ جەلال حەفیـد زادە و سـوریای کچی مەلای گـوورەی کـۆیەیان بانـگ هێشـت کردووە، بـۆ پێکهێنـانی ڕێکخـراوێکی ئـافرەتان بۆهەمـوو ئـافرەتانی کـورد بەمەش کۆبـــوونەوەی یەکەمی دامەزرانــــدن لە ١ی کانــــونی یەکەمی ١٩٥٢ ئەنجامدراوە، بە ئامادەبوونی هەریەک لە ناجیە مستەفا موفتی، ناجیە میرزا غفور ، ناهیدە میرزا، ئافتاو کەریم، مەدیحە محەمەد ئەمین، زکیە ئیسماعیل حەقی و ناهیدە شێخ سەلام( عەونی، ٢٠١٥،ص٥٦-٥٧). لەم قـۆناغە بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە ڕێکخراوەکە وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی پیشە و کۆمەڵایەتی چالاکییەکانی بەنهێنی ئەنجامداوە.

لە( ١٧ی تشرـینی یەکەمی ١٩٧٠) مـۆڵەتی کارکـردنی وەرگرتـووە، بارەگـای تایـبەت بەخـۆی داناوە، دواتـر لقـی لەزۆربەی شـارەکان کردووەتەوە.( هـاوکاری، ژ(٢٩٢)،١٩٧١/١/٢،ل٩). بە هـۆی ئەوەی بەگـوێرەی ڕێککەوتنـامەی(11ی ئـاداری 1970) زۆرێـک لە ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەمـاوەرییەکانی مـۆڵەتی کارکردنیـان پێـدراوە(کریم، ١٩٩٨، ٢٦٠) لەنێو ئەمانەش یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە. بەمەش کۆنگرەی دووەمی لەبەغداد بەستووە، لە بارەگای یەکێتی لاوان لە بەغدا، بەئامادە بوونی زکیە حەقی شاوەیس، فخریە سعداللە، چیمەن قزاز، فەوزیە موراد، سوهام ئیبراهیم، پەیمان مەعروف، زهرە موراد، فخریە حەیدەر، عەفیفە جاسم، گەلاوێژ سالح، هێرۆ ئیبراهیم، پرشنگ محەمەد، نەرمین عوسمان و جیهـان مەعـروف) ئامـانج لەمە ڕێکخسـتن و پەرەپێـدانی چالاکییەکان و کارکــردن بــووە بــۆ وشــیاری ئــافرەتان (التــاخی، (٧١٣)، ١٩٧١/٤/١٩،ص٤). ئەم کـۆنگرەیە یەکەمـین کـۆنگرەی ئاشـکرایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داندراوە(عونی، ٢٠١٥، ص٩٥). لەدیارترین چالاکییەکانی لەبەغداد کردنەوەی خولی زمانی کوردی بووە، بۆ ئافرەتانی کـورد لە بەغـداد، لە ئـاداری ، ٩٧٢بەشـێک لەم خـولانە بەهـاوکاری کۆمەڵەی ڕۆشـنبیری کوردی شـارەکە بووە، هەروەها کردنەوەی خولی یشـەی وەک دوورمـان لە حـوزەیران تاوەکو ئەیلوولی ١٩٧٣، خـولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوونە( نەجار ، ٢٠١٩، ل١٥٤)

لە مـاوەی کارکردنیـدا یەکێـتی ئـافرەتان چەنـدین چالاکی جیاجیـای ئەنجامـداوە، لەوانە کـردنەوەی خـوولی دوورمـان بـۆ ئـافرەتان ناوچەی ئۆتۆنۆمی زیاتـر لە جارێـک(التاخي ،العـدد(٧٥١)، ١٩٧١/٦/٥،ص٣؛ التـاخي ،العـدد( ٨٦٢)،١٩٧١ /١٠/١٦،ص٦)، لە هەولێـر لە یەکەم خـولی دوورمـانی یەکێـتی ئـافرەتان (٢٢) ئـافرەت بەشـداریکردووە، لە ئـــاهەنگێکی بچـــووک بـــڕوانامەیان وەرگرتووە(التاخی،العـــدد، (٧٩٠)،١٩٧١/٧/٢٤،ص٣). لە دهــــۆکیش بەهەمــــان شــــێوە بەسەرپەرشـتی فەزیـلە یـونس خـولی دوورمـانی بـۆ کۆمەڵێـک ئـافرەت کراوەتەوە، هەڵـمەتی وشـیاری ئـافرەتان بـۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی ژیانی خێزان و ئافرەتانی کورد. (التاخی ، العدد(٧١٧)، ١٩٧١/٢/١٤،ص٣؛ العدد(٧٥١)، ١٩٧١/٦/٥،ص٣). هەر بەم هـۆیەوە یەکێـتی ئـافرەتانی کوردسـتان لقی سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتان بەیارمەتی تیپـی مۆسـیقای سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئافرەتانی شارەکە و بەچاودێری عەلی عەبـدوڵڵا پارێزگـاری ئەوسـای سـلێمانی لەم بـۆنەیە کورتە تەمسـیلێکی پێکەنینـاوی لە پێشکەشـکردنی هاوڕێـیانی گەزیـزە بەناوی (دەردە مەی) لە نووسـینی (توفیـق بەسری) لە وەرگێرانی (ڕەئـووف حەسـەن) پێشـکەش کردووە (ژین، ژ(٥٦)١٩٧٢/٢/١٠،ل٤). لەچالاکییەکانی دیکەی یەکێتی ئافرەتان گرینگی دان بووە بە منداڵان بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان، هەوڵـدان بـۆ دابینکـردنی شـوێنی چاودێری بـۆ منداڵانی بێ سەرپەرشـتیار

بـــــووە. (التـــــاخی العـــــدد(٧١٩)،١٩٧١/٥/٢٢؛ التـــــاخی العدد(٧٤٥)،١٩٧١/٥/٢٩،ص٣).

هەروەها یەکێتی ئافرەتانی کورستان هەڵساوە بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی ووشیاری تەندروستی لە ڕێگای لیژنەی تەندروستی لە هەرسێ پاریزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک بە رووپێوکردنی گوندەکان بۆ زانینی ڕەوشی تەندروستی گوندشینەکان و وشاری تەندورستی لە نەخۆشیە گۆزراوەکان و چۆنیەتی پاراستن و چاودێریکردن منداڵان و پەروەردەکردنیان لە چوارچێوەی ئەم هەڵمەتە سەردانی هەریەک لە ناوچەکانی (سیدان، کرگراو، دوکلار، جالوک، گردجوتیار، شاوێس، شێخ گزنە، مەلائۆمەر، قوش تەپە، قل تەبە....هتد )کردووە. (العراق ،العدد(٨)، ١٩٧٦/٢/٢٦،ص٦).

بۆ وشیاری ڕۆشنبیری ئافرەتانەوە خولی ڕۆشنبیری بۆ ئافرەتانی لادێ و شارەکان کراوەتەوە، لە وانە خولێکی حەوت ڕۆژە بۆ ئافرەتانی پاریزگای هەولێر لە گەرەکی باداوە (هەرچەندە ڕۆژنامەکە بەدێی باداوە)ناوی بردووە. بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری پارێزگاکە، تێدا نزیکەی (٢٥) ئافرەت تێدا بەشداربوونە، ئامانج وشیارکردنەوەی ڕۆشنبیری و تەندروستی ئافرەتان بووە(هاوکاری ،( ٣٨٥)، ١٩٧٧/٩/١٤،ل٦)، بە هەمان شێوە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان – لقی سلێمانی لە ( ٨ی ئەیلوولی ١٩٧٧)میهرەجانێکی فراوانی لە ژێر دروشمی (باهەموو هێزە فێرخوازەکان لە پێناوی عێراقێکی پێشکەتووخواز دەست خەینە نێو دەستی یەک) لەم میهرەجانەدا پێشانگایەکی فۆتۆگرافی و فلیمی دۆکۆمێنتاری نمایش کراوە بۆ ئافرەتانی ناوچەکە بۆ ئەوەی ئافرەتان لەم ڕێگایەوە وشیاربکرێنەوە بۆ ئەرک و ماف و گۆرانکارییەکان بووە(هاوکاری ،(٣٨٥)، ١٩٧٧/٩/١٤،ل٨).

لەڕووی کارگێڕیەتی و بەڕێوەبردنەوە (لە ١٩٧٤-١٩٧٧) نافیعە عوسمان ئەبو بکر بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەرکی بەڕێوەبردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی وەرگرتووە. (هاوکاری، ژ(٣٩٥)، ١٩٧٧/١١/١٠،ل٥). لە ساڵی ١٩٧٨ژمارەی ئەندامانی نزیکەی (٦٠٠ ) ئافرەت بووە، دەستەی بەڕێوەبردنی لە (١٢)ئەندام پێکهاتووە(هاوکاری ،ژ(٤١١)،٣٠/ ١/١٩٧٨،ل٥). لە لقی سلێمانی لەیلا عەلی محەمەد دەستەی کارگێری بووە.(هاوکاری ،(٢٧٧)، ٧-١/٨/١٩٧٥،ل٨ ) . لە لقی کەرکووک هەریەک لە (سەبریە سەعید، نەسرین ڕەزا، فەوزیەڕەشید و خەدیجە عەلی) لە ئافرەتە دیارەکانی یەکێتییەکە بوونە(هاوکاری ،ژ(٢٣)، ١٩٧١/٧/١٠،ل٤) .

دەکرێت بوترێت زۆرترین ئەو چالاکییانەی لە ماوەی قۆناغی ئاشکرادا ئەنجامی داوە زیاتر لە چوارچێوەی هەڵمەتی وشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مافەکانی ئافرەتان بوونە، بەڵام لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گۆرانی بەسەرداهاتووە، ڕۆژنامەی نهێنی کوردی (الشرارە) لە چوارچێوەی گەشەسەندنی ڕەوتی کۆمەڵایەتیدا، بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردی بە پێویستی مێژووی داناوە، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد و ویستی جەماوەری بۆ ڕێکخراوی ئافرەتان خەباتی شۆڕشگێری لە نموونەی ئەو ئافرەتە شۆڕشگێرانەی باسکراوە لەیلا قاسم (١٩٥٢-١٩٧٤)بووە ، وەک سمبولی خەباتی نەتەوەیی ناوی هاتووە.(االشرارە ، العدد (١)، التشرين الثاني ،١٩٧٥،ص٢). بەهۆی ئەوەی لەیلا و پێنج لە هاورێیەکانی کە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوونە بە ناوەکانی (نەریمان مەستی، جواد مراد، ئازاد میران، حەسەن حەمە ڕەشید دوای دەستگیردنیان لەلایەن حکومەتی بەعس لە ١٣مایسی ١٩٧٤ بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکراوە.(خەبات، العدد

(٥١٩)، اواسط حزيران ، ١٩٧٤،ل١-٩). ئەمە دەستپێکی خەباتی نەتەوەیی و سیاسی ئافرەتانی کورد بووە لەسەردەمی نوێدا.

لەگەڵ ئەوەی ئافرەتی کورد لە شۆڕشی نەتەوەییدا لەپاڵ هاوسەرو براکانیان بەشدارییان هەبووە، بەڵام لە بواری چەکداری و ڕێکخستندا کەمتر بینراون. (تەنیا،٢٠٢١،ل٢٢). مەسعود بارزانی لە بارەی چالاکی ئافرەتان دەنووسێت: (لە دوای نسکۆی سالی ١٩٧٥ بەتایبەتی لەنێوان ١٩٧٥- ١٩٨٣دا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبار و هەستیارەی هەتا ئاراوە، ئافرەتان بەدەگمەن دەیانتوانی چالاکی بەرچاو بکەن) ئەمەش مانای وابووە ڕێکخراوی نهێنی ئافرەتان کارەکانیان بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە.(بارزانی،٢٠٢١،ل١٥٧).

لەلایەکی دیکەوە هەروەک ئاماژەمان پێداوە، ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کوردستان پێدا گوزەری کردووە، کاریگەریی کردووەتەوە چالاکی ڕێکخرا و یەکێتیەکان بەگشتی لەوانەش یەکێتی ئافرەتان بووە، چالاکیەکانیان سنوردارتربووە، بەبەراودکردن بەساڵانی سەرەتای حەفتاوە. بۆنموونە لقی سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ تەنیا چەند چالاکییەکی کەمی رۆشنبیری سازکردووە، لەوانە بەستنی کۆری شیعری بووە، بۆ وشیارکردنەوەی ئافرەتی کورد بەرانبەر بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە (هاوکاری ، ژ(٣٥٩)، ١٩٧٧/٣/١٦،ل٧). ئەمەش مانای وایە یەکێتی ئافرەتان لەم ڕەوشەدا نەیانتوانیوە بەئازادانە کاربکەن. هەرچەندە لەم ماوەیە چەند چالاکییەکی کەمی وەرزشیان ئەنجامداوە، وەک دیارە زیاتر هەوڵدان بووە بۆ بەشداری پێکردنی ئافرەتان بۆ سازدانی تواناکانیان لە بواری وەرزش و يارییە باوەکان، یەکێتی ئافرەتان بەهاوکاری تیپی دیدەوانی چەند چالاکییەکی وەرزشیان ئەنجام داوە بەشداریکردنی (٨)کچ لە ٢-تەمووز تاوەکو ١٢تەمووزی ١٩٧٩ لە خێوەتگای هاوینە هەواری سەڵاحەددین. (هاوکاری ،ژ(٤٨٢)، ١٩٧٩/٧/٩،ل١٢).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئافرەتانی وڵاتانی دیکە بەتایبەت لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت تاڕادەیەک باش بووە، تەنانەت لەسەر داوای لیژنەی ئافرەتانی سۆڤیەت بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی ئۆکتۆبەر، بەم هۆیەشەوە نوار حلمی وەک سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق و زکیە ئیسماعیل حەقی وەک سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرەو بەیروت ڕۆیشتوون لەوێشەوە بەرەو سۆڤیەت ڕۆیشتوون(هاوکاری ،ژ(٣٩)، ٣٠ تشرینی یەکەم ،١٩٧٠،ل١) ئەم پەیوەندییە لە ساڵانی دواتریش درێژەی هەبوو نوێنەری ئافرەتانی سۆڤیەت بەشداری ئاهەنگ و بۆنەکانیان کردووە(التاخی، العدد(٨٠٨) ،١٩٧١/٨/١٤،ص١).

سەبارەت بە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی عێراق وڵاتانی عەرەبیش لە دوای ١١ی ئادار یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو لایەنانە تاڕادەیەک بەرەو باش بوون ڕۆیشتووە ، بەشداری کۆنگرە و ئاهەنگەکانیان کردووە، لەکاتی بانگهێشتکردن و کۆبوونەوەدا لە نموونەی ئەمانە بەشداریکردنی سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان زکیە ئیسماعیل حەقی لەگەڵ نوار حلمی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتان بۆ کۆنگرەی حەوتەمی عەرەبی لە (٢٦ی نیسانی ١٩٧١) هەر لەم کۆنگرەیە لێک گەیشتنێکی باش هەبووە پێشوازیەکی شایستەیان لێکراوە(التاخي ،العدد(٧٣١) ، ١٩٧١/٥/٩،ص٣) .

هەروەهـا لە دوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ و ڕاگەیانـدنی دەزگـا کارتۆنیەکانی کارگێری ناوچەکە ، (نووسینگەی ئافرەتان) وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی لەسەر ئاستی پارێزگانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوای دامەزرانـدنی دەسـتی کـردووە بە چـالاکی جۆراوجـۆر بـۆ وشـیارکردنەوەی ئـافرەتان، بەتایـبەت لە بـواری خوێنـدن و فێرکردنی(ئیلزامی)، لەوانە لە کۆمەڵگای نیشتەجێبی شاوێس، بەستۆرە، کانی قرژاڵە ، ناوچەکانی ڕەواندز ، شەقلاوە و کۆیە، ئاسکی کەلەک، هاودیان، حەریر( ٢٥ی حوزەیران ١٩٧٨) نووسینگەی ئافرەتان لە پارێزگای سلێمانی هەڵساوە بە ئەنجامدانی میهرەجانێکی فراوان،و چەند چالاکی هەرەوزی وشیاری لە ناوچەکانی ڕانیە، کەلار بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەنجامداوە، هەروەها لێژنەی پەرەپێدانی ئافرەتانی لادێ کە سەر بەن ووسینگەی ئافرەتانی سلێمانی بووە چەند چالاکییەکی دیکەی وشیارکردنەوەی لە چوارقورنە (ڕانیە)، خۆرماڵ و دەربەندیخان ڕێکخستووە، لقی نووسینگە لە دهۆک لە ناوچەکانی قدش و دێرەلووک بەهاوکاری لێژنەکانی ڕۆشنبیری و تەندروستی چەندین چالاکی ئەنجامداوە، لەوانە بە هەڵمەتی وشیارکردنەوەی ئافرەتانی لادێ لە ڕێگای فیلمی بەڵگەنامەی تایبەت بە جووتیاران لە ناوچەکانی زاخۆ و ناحیەی باتوف و بێرسفی، گوندی مەلاعەرەب، درکار عەجەم ، فیشخابور، شعرتان، تەل کەبیر، محەربە عاسی. (ئۆتۆنۆمی ،ژ(٥)،ساڵی ٣، ١٩٧٨ ،ل٦٤-٦٥؛ ئۆتۆنۆمی ،ژ(٢)،ساڵی٤، ١٩٧٩ ،ل٥٨).

لەم مەیدانەدا دەزگایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئافرەتان هەبووە، بەناوی (مەکتەبی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی) لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بە ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٧٦ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوای هەمووارکردنی یاسای ژمارە (٢٩)ساڵی ١٩٧٢ دامەزراوە، لە پێناوی یەکخستنی بزووتنەوەی ئافرەتانی عێراق، بەگوێرەی یاساکە مەکتەبی ئافرەتان لەحەوت ئەندام پێکهاتووە ، سێ یان سەرۆکی لقەکانی یەکێتی ئافرەتانی هەر سێ پارێزگاکانی هەولێر ،سلێمانی و دهۆک بووە، سەربەخۆیی و کارگێری و دارایی هەبووە، (شەرمین جەودەت )لێ پرسراوی کاروباری ئافرەتانی کوردستان بووە(هاوکاری، ژ(٤٠٣)، ١٩٧٧/١٢/١٩،ل٤) بەهەمان شێوە لقی لە زۆربەی شارەکوردییەکان هەبووە، لقی سلێمانی نەجات عومەر ساڵح لێ پرسراوی کاروباری هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە ، پەروین نوری لێ پرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی بووە. (هاوکاری، (٤٨١)،١٩٧٩/٧/٢،ل٤).

بەگشتی دەتوانین بەوردبوونەوە و لێکدانەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار لە ماوەی توێژینەوەکەماندا ئاماژە بەوە بکرێت کە لە باسکردنی پایەی ئافرەت لە ڕۆژنامەگەریی هاوکاری زۆرترین بابەتی بڵاوکردووەتەوە نزیکەی (٢٥١) بابەتی لە بارەی ئافرەتان بەگشتی نووسیوە بەشێک لەمانەش لە بارەی ئافرەتانی کورد بووە. تەئاخی لە پلەی دووەم هاتووە، لە دوای ئەوانیش هەریەک بیری نوێ، برایەتی، ژین، بەیان، ڕۆشنبیری نوی، پاشکۆی عیراق، چەندین بابەتی تایبەتیان لەم بارەوە بڵاوکردووەتەوە.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لایەنێکی گرنگ و بایەخداری سەرچاوەی مێژووین بۆ خستنەڕووی زانیاری و ڕووداوەکانی مێژوویی هاوسەردەم.

1- ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٩ قۆناغێکی دیار و هەستیارە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، کاریگەریی ڕەوشی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی بە ڕوونی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بینراوە، هەرئەمەش وایکردووە گۆشەو باسکردنەکانی تەواو جیاواز بن هەموو

لایەنەکانی کۆمەڵگا گرێته خۆ لەێوەندەش بایەخدان بووە بە مەسەلەی ئافرەت.

2- ڕەوش و پایەی ئافرەت لە ڕۆژنامەریی کوردی بەئاشکرا بینراوە، لەگۆشەی تایبەت ئاماژە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد کراوە، بەراوردکارییەکەی مێژووی لە نێوان ژیان و ماف و ئاستەنگەکانی ژیانی ئافرەتانی کورد کراوە.

3- ئافرەتی کورد توانیویەتی بەلێهاتووی و تواناکانی خۆی لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەریی و هونراوە و شانۆگەرییەوە بسەلمێنیت، سەرباری ئەوەی چەندین ئاستەنگ لەبەردەمیان هەبووە.

4- ئافرەتی کورد ڕۆلی پێشەنگی بینییوە لەخەباتی نەتەوەیی لەپاڵ ئازارو مەینەتیەکانی کۆمەڵگا کەلتووری کۆن داب و نەریتە باوەکانی، هاوشانی پیاوان لە لەخەباتی بزوتنەوەی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری شوێن پەنجەی دیار بووە

Reflection of the social situation of Kurdish women in South Kurdistan in Kurdish journalism

(1968-1979)

•Arazu Yousef Hasan, Lecturer/lecture at Salaheddin University/Department of history

• Muhamad Abdulla kaka Sur, Professor at Salaheddin University/Department of history

Abstract

The aim of this research is to determine the social situation of Kurdish women from the perspective of Kurdish journalism, under the influence of society's customs and traditions and changes in the situation in the region. The most important conclusion they have reached is that Kurdish journalism has always tried to raise awareness among women, to get rid of being attached to backward social traditions, and to solve social problems.

Keywords: customs and traditions . Women's organizations, journalism, change

**- لیستی سەرچاوەکان :**

ماستەرنامە و تیزی دکتۆرا

– عەلی، ئۆسامە جەمیل(٢٠٢٢)، بزاڤی هونەر لەشاری هەولیر لەنێوان ساڵانی١٩٨٠-٢٠٠٣،ماستەر نامە(بڵاونەکراوە)،پێشکەش بە ئەنجوومەن کۆلێژی ئاداب،بەشی مێژوو- زانکۆی سەلاحەدین هەولێر کراوە.

– طاهر ،فەرمان فارس(٢٠١٧) ، کاریگەریی داب و نەریت لەسەر پەیرەوی کردنی یاسا، (ماستەرنامە) بڵاونەکراوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب،بەشی کۆمەلناس زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە،٢٠١٧.

– کاکەسور ،نادیە عومەر(٢٠٠٤) ، ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ماستەر نامە(بڵاونەکراوە) پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب ،بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە

– نەجار، هۆشەنگ ساڵح محمد شەریف (٢٠١٩)، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغدا ١٩٥٨-١٩٧٥دا لێکۆلینەوەیەکی مێژووییە (تێزی دکتۆرا)،بڵاونەکراوە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو، هەولێر.

کتێب :

– بارزانی، مەسعود (٢٠٢١)، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩١، چ١، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم.

– ڕەواندزی،عەقیلە (٢٠٠٥)، یادو ئافرەت ، چ١،هەولێر.

– تەنیا، ئیسماعیل(٢٠٢١)، ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چ٢،هەولێر.

– بەزمانی عەرەبی

– کریم ، حبیب محمد (١٩٩٨)، تاريخ الحزب الديمقراطی الكردستان – العراق في محطات رئيسية (1946-1993) ، مطبعة خەبات –دهوك .

– فرهاد عونی(٢٠٢٠)، النظمات الجماهيرية الكوردستانية 1953-1991،ط٢.وزاره الثقافة و الشباب- اقليم كوردستان.

– لێکۆلینەوە:

ڕەشاد میران ، ئافرەت لە کەلتوری کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، گۆڤار، ژ(٤٨)،٢٠٢١.

– **ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەزمانی کوردی :**

**برایەتی – برایی (ڕۆژنامە)**

- ئازایەتی ئافرەت، برایی، ژ(٤٠٦)، ١٩٦٨/١٠/١٩.

-ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردی ، برایی، ژ(٣١٢) ، ١٩٦٨/١٠/٢٦.

**بیری نوێ (ڕۆژنامە):**

– ئافرەت و ژیان، بیری نوی ، ژ(٥٤)، ١٩٧٣/٧/٣.

– سامیە جاوشلی ، باری ئیشکردنی ئافرەتان ،بیری نوێ ،ژ(١١٣)، ١٩٧٣/٩/١٥.

– چالاکیەکانی ئافرەتانی کوردستان ، بیری نوێ ، ژ(١١٣)، ١٩٧٤/٩/١٥.

– گیروگرفتی نەخوێندەواری، بیری نوێ ،ژ(١٩٠)، ١٩٧٦/٥/٨.

– تەلەفزیۆنی کەرکوک و ئافرەتانی کوردستان، بیری نوی، ژ(١١٥)،١٩٧٤/٩/٢٩،

– گوزەرانی ئافرەتە کرێکارەکانی کوردستان ،بیری نوی، ژ(١٨١)،١٩٧٦/٣/٦،

– ئافرەتی کورد ، بیری نوێ، ژ(٢٢٤)، ١٩٧٧/١/١٥،

– بیری نوێ، ژ (٣١٨)،١٩٧٨/١٢/٩.

**هاوکاری(ڕۆژنامە)**

– بەشداری ئافرەتان لە تێکۆشان، (هاوکاری)، ژ(١)، ١٩٧٠/١/٩.

ـ ئافرەتی کورد......، هاوکاری ژ(٢) ، ١٩٧٠/١/١٦.

ـ روناک کۆیی -ئافرەت لە جولانەوەی هونەری، هاوکاری، ژ(٥)، ٦/٣/ ١٩٧٠.

ـ خەباتی ئافرەتان، هاوکاری ژ(٧) ، ١٩٧٠/٢/٢٧.

ـ سەرۆکی ئافرەتانی کوردستان بەشداری ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەری مەزن ئەکات، هاوکاری ، ژ(٣٩)، ٣٠ تشرینی یەکەم ،١٩٧٠.

ـ دەوری ئافرەتی کورد لە کۆمەڵدا، هاوکاری ،ژ(٢٣)، ١٩٧١/٧/١٠.

ـ هەولێر هەنگاوێکی پێشکەوتوانە، هاوکاری، ژ(١٨٥)، ١٩٧٣/٩/٢١.

ـ هاوکاری، ژ(١٦٨)،١٩٧٣/٥/٢٠.

ـ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، هاوکاری ، ژ(٢٩٢)،١٩٧١/١/٢.

ـ ئافرەت و گۆڕان و بەردەوام بوون ، هاوکاری ،ژ(٢٧٣)،٢٧-١٩٧٥/٧/٤.

ـ ئافرەتانی کوردستان، هاوکاری، (٢٧٧)، ٧-١٩٧٥/٨/١.

ـ کچە هونەرمەند عائیشە شان(کەیخسرەو عبدالکریم )،هاوکاری (٢٨٣)، ٥-١٩٧٥/٩/١٢.

ـ کردنەوەی دەوریەکی مەشق بۆ ئافرەتانی,,,،هاوکاری ، ژ(٣٠٣)، ١٩٧٦/٢/٦.

ـ .سەربەستی ئافرەت دیاردیەکی نارەوایی کۆمەلایەتی فریاد (بەشارەت) مەسەلەکە وانیە ، هاوکاری ،ژ(٣٣١)،١٩٧٦/٨/١٨

ـ دیاردەیەکی نارەوایی کۆمەلایەتی،فریاد مەسەلەکە وانیە ، هاوکاری ،ژ(٣٣٢)،١٩٧٦/٨/٢٥.

ـ کۆربەستێ بۆ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، هاوکاری ، (٣٥٩) ، ١٩٧٧/٣/١٦.

ـ دەورەیەکی رۆشنبیری ئافرەتان لەهەولێر ، هاوکاری ،( ٣٨٥)، ١٩٧٧/٩/١٤،

ـ میهرەجانی یەکێتی ئافرەتان لەسلێمانی ،هاوکاری ،(٣٨٥)، ١٩٧٧/٩/١٤،

ـ تەقەلای چالاکانە لەمەلبەندی کۆمەڵایەتی هەولێر ، هاوکاری ، (٣٧٨)، ١٩٧٧/٩/٢٨،

ـ لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی هەولێر ، هاوکاری ، ژ(٣٩٥)، ١٩٧٧/١١/١٠.

ـ گفتوگۆیەک لەگەڵ شاعیرێکی ئافرەتی کورد ، هاوکاری ، (٣٩٦)، ١٩٧٧/١١/١٤.

ـ حمە سەعید حەمە کەریم – مەڵبەندی رابەرانی ئافرەتی لادێ، هاوکاری،(٣٩٧)،١٩٧٧/١١/١٧.

ـ لەگەڵ ئـــافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنـــۆمی، هــــاوکاری، ژ(٣٩٨)، ١٩٧٧/١١/٢٨.

ـ لەگەڵ ئـــافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنـــۆمی ،هـــاوکاری ،ژ(٣٩٨)، ١٩٧٧/١١/٢٨

ـ گۆشەی ئافرەتان، هاوکاری، ژ(٣٩٩)،١٩٧٧/١٢/١.

ـ لەگەڵ ئـافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنـۆمی کـرێکارێکی ١٨سـاڵانە،هاوکاری ،(٣٩٩)،١٩٧٧/١٢/١.

ـ لەگەڵ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ،ژ(٤٠٣)، ١٩٧٧/١٢/١٩.

ـ یەکێتی ئافرەتانی هەولێر ......، هاوکاری ،ژ(٤١١)،٣٠/ ١٩٧٨/١.

ـ فـریال عبـدالله- لەمەڵبەنـدی رۆشـنبیری لاوانـدا ، هـاوکاری ، ژ(٤٢٣)،١٩٧٨/٥/٢٤،

ـ یەکەمـین ئۆردوگـای کچـانی کوردسـتان ، هـاوکاری ، ژ(٤٣٢)، ١٩٧٨/٧/٣.

ـ لە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کچاندا ، هاوکاری (٤٠٧)،١٩٧٨/١/٥.

ـ ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆرش یاسـایەکی دەرکردووە بەو پێ یە بـۆ ئـــافرەت هەیە لە ســـوپادا خـــزمەت بـــکات، هــاوکاری، ژ(٣٩٥)، ١٩٧٧/١١/١٠.

ـ گفتوگـۆیەک لەگەڵ شـاعیرێکی ئـافرەتی کـورد ، هـاوکاری ، (٣٩٦)، ١٩٧٧/١١/١٤.

ـ فــریا عبــدالله تیپــی مۆســقای ئامــادەیی کچــان، هــاوکاری، ژ (٤٠٥)،١٩٧٧/١٢/٢٦،ل٥.

ـ ئـافرەتی سـلێمانی و چـالاکی کـۆمەڵایەتی و رۆشـنبیری بەردەوام ، هاوکاری (٤٨١)،١٩٧٩/٧/٢.

ـ چـــالاکی وەرزشی یەکێـــتی ئـــافرەتان ،هـــاوکاری ،ژ(٤٨٢)، ١٩٧٩/٧/٩.

**ئۆتۆنۆمی (گۆڤار)**

ـ ئۆتۆنۆمی ،ژ(١)،ساڵی ١ ،کانونی دووەم ،١٩٧٦

ـ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنومی ،ئۆتۆنۆمی ،ژ(٢)،ساڵی٤، ١٩٧٩.

ـ باری ئـافرەت لەناوچەی ئۆتۆنـۆمی ، ئۆتۆنـۆمی ،ژ(٤)، سـاڵی٢ ،١٩٧٧.

ـ چـالاکیەکانی نووسـینگەی ئـافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنـۆمی ،ئۆتۆنـۆمی ژ(٥)،ساڵی ٣، ١٩٧٨.

**بەیان (گۆڤار)**

ـ ووتەی ژمارە ، بەیان ژ(٢٦)، حوزەیرانی ١٩٧٥.

ـ کوردستان موکریانی –ئافرەت لەناو هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن ،بەیان ،ژ(٢٦)،حوزەیرانی ١٩٧٥.

ـ هونەری ئەمرۆ لە سلێمانی ، بەیان ، ژ(٤٨)، ئادارو نیسان ١٩٧٨.

ـ بەیان ، ژ(٥٦) تەمووزی ١٩٧٩.

**تریفه (گۆڤار)**

– امـین، امـیره محمـد ، ئـافرەت لەهەنـدێ شـعری کـوردی ،تـریفه ، ژ(٨)،ساڵی٤، ١٩٧٩.

**– سەفین (گۆڤار)**

– گیروگـرفتی کـۆمەڵایەتیەکان، سـەفین، ژ(٦)، سـاڵی ٢، مایسی–١٩٦٨،ل٦

**رۆژی کوردستان (گۆڤار)**

– ئافرەتانی کورد پێشوازی لەساڵی ئافرەتان دەکات ، رۆژی کوردستان ،ژ(٢٣-٢٤)١٩٧٥.

– عبدالرحمان ،شێرزاد ، ئافرەتی کورد و شانۆ، رۆژی کوردستان ، ژ(تایبەت)، ١٩٨٠.

– رۆژی کوردستان ، ژ(٥٨)، تشرینی دووەم و شوباتی١٩٨٠ .

**– رۆشنبیری نوی :**

– ژمـاره (٠) رۆشـنبیری نـوێ ، رۆشـنبیری نـوێ ، (گۆڤـار)، ژ(٧٨) ،کانوونی یەکەم ، ١٩٧٩.

– ساڵی ئافرەتانی جیهانی ، رۆشنبیری نوێ ، ژ(٣١)،١٩٧٤/٩/٢١.

– ژن بە ژن لە کـوردەوای دا، رۆشـنبیری نـوی، ژ (٢٥)،٢١ /١٩٧٤/٧.

**ژین (گۆڤار)**

– محـرم محمەد ئەمـین –کـۆمەڵایەتی سەربەسـتی ئـافرەت ، ژیـن ، ژ(١٧)،١٩٧١/٤/٧

– رونکـردنەوەیەک لەسـەر سەربەسـتی ئـافرەت ، ژیـن ،(١٩) ، ١٩٧١/٤/٢٢.

– ئـاهەنگی یەکێـتی ئـافرەتانی کوردسـتان لقـی سـلێمانی ، ژیـن ، ژ(٥٦)١٩٧٢/٢/١٠.

– نائـب عبـدالله، ژن لە کۆمەڵگـای کـوردەواری، ژیـن ، ژ(٧٨)، ١٩٧٢/٧/١٧.

– وەڵامی بانگەوزایـکی کـۆمەڵەی هـونەر و ویـژەیی کـوردی ،ژیـن (١٢٠)،١٩٧٣/٧/٢٦.

– رزگاری(**گۆڤار**)

– لە دەردەکانی کـۆمەڵایەتیمان ژن هێنـان لە ناو ئـێمەدا، رزگـاری ، ژ(٦)،٢٧ی تەمووزی ١٩٦٩

– ڕزگاری ژ(٩)، ساڵی ١ ، ٢١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩.

– شیربابی، رزگاری ،ژ(١٠)، ٢١کانوونی دووەمی ١٩٦٩.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:

**التآخي** :

– المـوتمر الثـاني لاتحـاد نسـاء كردسـتان ، التـاخي ، (٧١٣)، ١٩٧١/٤/١٩.

ـ مشاكل المراة الكردية و حركات نسائية ، التاخي ، العدد(٧١٧)، ١٩٧١/٢/١٤.

ـ التاخي العدد(٧١٩)،١٩٧١/٥/٢٢.

ـ رئيسة اتحاد نساء كردستان السيدة زكية أسماعيل حقي في المؤتمر النسائي العربي، التاخي ،العدد(٧٣١) ، ١٩٧١/٥/٩.

ـ التاخي العدد(٧٤٥)،١٩٧١/٥/٢٩.

ـ في حفلة تخرج الدور الثاني ، التاخي ،العدد(٧٥١)، ١٩٧١/٦/٥.

ـ خريجات دورة الخياطة الاولي ، التاخي ، (٧٩٠)،١٩٧١/٧/٢٤.

ـ اتحاد نساء كردستان ، التاخي ،العدد( ٨٦٢)،١٩٧١ /١٠/١٦.

ـ التاخي ، العدد(٨٠٨) ،١٩٧١/٨/١٤.

**خةبات** : الي ليلي الفتاة الكردية المحكومة بالموت في زنزانة الفاشست ، خةبات ، العدد(٥١٩)، اواسط حزيران ١٩٧٤.

ـ **الشرارة :** المراة الكردية تواصل نضالها ،الشرارة، العدد (١)، التشرين الثاني ،١٩٧٥.

ـ **العراق :**

ـ اتحاد نساء كردستان يقوم بحملة مسح صحي في عدد من القري و الارياف، العراق ،العدد(٨)، ١٩٧٦/٢/٢٦.